خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (ئەو کاروانەی بۆ هەواری ئێمە نەچوو).. هیوا ناسیح

لەم ماوەیەی پێشودا هاورێ و نوسەر کاک سالار هەشید کتێبی (ئەو کاروانەی بۆ هەواری ئێمە نەچوو) بەدیاری بۆ ناردم، کە بریتییە لە بیرەوەرییەکانی نوسەر، نزیکەی شەش سەد لاپەڕەیە، دوو لە سێی کتێبەکە یادەوەرییەکانی خۆیەتی و سێیەکیشی تەرخانە بۆ یادداشتەکانی هاورێیانی ئەو سەردەمەی و چەند بەگەنامەیەک.
کتێبەکە بە یادەوورییەکانی منالی و گەڕەکەکەیان لە کەرکوک دەستپێ دەکات، تا دەگاتە مێردمنالی و سەرەتای گەنجێتی و تێکەڵبوونی بە دونیای خوێندنەوە و بیر و ئینجاش نێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (کۆمەک)، کە ئەوسا گەورەترین و کاریگەرترین ڕێکخراوی سیاسیی باشوری کوردستان بووە و بڕیاری پشت و دینەمۆی یەکێتی نیشتمانی بووە. ئەوەی یادەوەرییەکانی جوانتر و بابەتیتر کردوە، پێستە بۆ ناونیشانی بابەتەکان و هەروەها نوکتە و قسەی خۆشی نێوان بابەتە جدی و تراژیدییەکانە.
نوسینەوەی یادەوەرییەکان بۆ مرۆڤێک کە خۆی لە نێو مەیدان و چەقی ململانێ و ڕووداو و کێشەکاندا بووبێت پێویستییەکی ژیاریی و مێژوویی و ئەدەبییە، جگە لەوەش ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوایەتییە، هاوکات بەسەرکردنەوە و ئەمەک و وەفایەکیشە بۆ گیان و یادەوەریی ئەو کەسانەی لەو ڕێگا و ڕێبازەدا بوونەتە قوربانی. بۆیە من دەستخۆشییەکی زۆر لە کاک سالار دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.
چەقی باسەکان ساڵانی کۆتایی حەفتاکان و سەرەتا و ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوە، بابەت ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە نێو شاری کەرکوک، ڕووداو و چالاکی و کێشمەکێشمەکانی نێو باڵەکانی ڕێکخراوەکەیە. باسی سەرجەم یان زۆربەی زۆری ئەو گەنجە تێکۆشەر و دڵپڕ و ئازا و بەجەرگانەی نێو کەرکوک و دەوروبەرین، کە گیانیان خستبووە سەر لەپی دەستیان و لە نێو ئەو (کاروانە)دا بوون بەرەو ئەو (هەواڕە)ی ئامانجیان بوو، بە هەموو تین و توانا و وزە و بڕستی خۆیان خەباتیان بۆ دەکرد و بە گژ ئەژدیهای بەعس دا دەچوونەوە. بە کورتی چیرۆکی خوێن و خەباتی نەهێنی کۆمەڵێک کوڕ و کچی گەنجی دڵپڕ لە هیوا، چالاکی و چاونەترسی، ترس و دڵەاوکە،

گیران و زیندانی و ئەشکەنجە، شەهیدبوون و زەحمەت، بێ مورادی و نائومێدبوون و وازهێنان، ناپاکی و خیانەتگری هەندێک، کێشمەکێشمی حزبایەتی.
کتێبەکە بە زمانێکی کوردی پاراو نوسراوە، نوسەر خۆی نەکردۆتە قارەمان و فریشتە و لە هەندێک جێگاشدا دانی ناوە بە هەڵە و کەموکوڕییەکانیدا، ئەوەش باشە کە هەر پشتی بە یادگەی خۆی نەبەستوە، بەڵکو داوای لە هاوڕێ و هاوخەباتەکانیشی کردوە، کە وەک شایەتحاڵێک یاداشتی ئەو ساڵانەی خۆیانی بە کورتی بێ بنێرن، یان دواندونی و سەرجەمیانی لێرەدا بڕاوکردۆتەوە.
ئەوەی چۆژی زیاتری پێمدا رەنگە لەبەر ئەوە بێت، کە زۆر لەو جێگا و دەڤەرەکانی باسی کردوە نزیکی زۆد و ناوچەکەی منن (گەرمیان)، هەروەها باسی لە هەندێک هاوڕێم کردوە، کە ساڵانێکە ئاشنای کەسایەتی و بیرکردنەوەیانم، وەک فازڵ عوسمان و عەلی سیاسی و هیتر، جگە لەوەی تێیدا باس لە مامم (وریا ئاخجەلەری) کراوە، کە پێشمەرگەی دانەبڕاو و دێرینی ناوچەی گەرمیانە و لە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ خاڵخاندا لێپرسراوێتی جێراوجێری هەبووە. دواتر ئەو سەروەختانەی باسی دەکات، بەتایبەت ناوەاستی هەشتاکان سەرەتای گەنجێتی و ئاشنا بوونی من بوو بە جیهانی خوێندنەوە و سیاسەت، بە هۆی ماممەوە کە کادر بوو لە ناوچەی ئاغجەلەر و قاسۆوکە، زۆر جاران سەردانی پێشمەرگەو بارەگاکانیانم کردوە، ئەمە ماڵمان لە ناحیەی ئاغجەلەر بوو، هەرەوەها بە هۆی ئەوەی باوکیشم لەو کاتەدا لە ڕێکخستنەکانی هەمان حزب کاری دەکرد، ماڵمان وەک مەکۆی ڕێکخستن و کۆبوونەوەی شانەکان وابوو، جاری واش بوو، پاش چالاکی پێشمەرگانە، کە دەهاتنە ناو شارۆچکەکە و دەستیان دەوەشاند، یان تۆپبارانی داموەزگاکانی بەعسیان دەکرد، باوکم داوای لەمن دەکرد، لەبەر ئەوەی خەتم خۆش بوو، تا ڕاپۆرتی ئەنجامی چالاکییەکانیان و کاریگەریی لەسەر وەرە و مەعنەویاتی خەڵک و دانیشتوانەکەی بۆ بنوسمەوە، تا لە ڕگەی خۆیەوە بینڕێت بۆ ڕێکخراو، بۆ هەڵسەنگاندن و زانیاری تەواو لەسەری.
ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام کەسایەتی ئەسعەد سۆفی (شێخ دارا) یە، کە دەکرێت ژیان و سەربوردەی بکرێت بە ڕێمان یان فیلم، ناوبراو لە ساڵانی کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا گەنجێکی کەرکوکی زۆر بوێر و زیرەک و وریا و خوێندکاری زانکۆ بووە، بەرپرسی پاڵێکی چالاکیی سەربازیی (ئیغتیالات)ی کۆمەڵەیە لە نێو شارەکەدا، وەک دەردەکەوێت خۆی ڕاستەو خۆ جا وەک سەرپەرشتیار بێت یان بکەر بەشداریی کۆمەڵێک چالاکی کاریگەر و جۆریی (نەوعی) لە شاری کەرکوک و سلێمانی کردوە، کە تێیدا چەندان بەعسی و بەکرێگیراوی پلەدار

بەسزا گەیەنراون. دوای ئەوەی ئەندامەکیان بە ناوی (عەلی مغاویر) دەگیرێت و بێ هیچ ئەشکەنجە و فشارێکی وا، ناپاکی دەکات، ناوی هەرچی هاوڕێیانی کۆمەڵە هەیە بە وردەکاریی و پێکهاتەی پڕ و شانەکانییانەوە بێ هەواڵگریی بەعس لە کەرکوک ئاشکرا دەکات، تا گیانی خۆی ڕزگار بکات. ئیتر دەڤیان کادر و ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمیتەکەیان (ئاگری سور) دەگیرێن. گەورەترین زەبری گورچکبڕ بەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەکەوێت لە شارەکەدا، بەمەش کۆمیتەی ئاگر لەبەریەک هەڵدەوەشێت، چالاکترین و ئازاترین ئەندامەکانی لەسێدارە دەدرێن یان بەسەروشوێن و زیندانی دەکرێن.
ئەسعەد دوای گیرانی لە سەرەتا و لە ژێر ئەشکەنجەی قورسدا ناوی دوو لە هاوڕێکانی دەدرکێنێت، بەڵام دوای ئەوە قۆوقەپی لێ دەکات و ناوی ئەو دەیان ئەندام و کادرانەی تر ناهێنێت و بە نهێنی دەهێڵتەوە، بەمەش گیانیان دەپارێزێت، هەرچەندە بۆیاری لە سێدارەدانی بێ دەردەچێت، بەڵام بە شایەتی ئەوانەی سەردانیان کردوە، یەکێکیش لەوان نوسەری کتێبەکە کاک سالارە، ناوبراو بە گیانێکی بەرز و وڕەیەکی پۆڵاینەوە، تا ئەو کاتەی لە سێدارە دەدرێت، ناوخێت و هیوای بە تێکۆشان و خەبات بەردەوامە، تەنانەت لە گاڵتەو قسەی خۆشیش ناکەوێت، لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر دان بە هەڵەی خۆیدا دەنێت و ئامادەی سزای مەرگیشە بێ خۆی. نوسەر دەیگێڕتەوە، کاتێک لە تەموزی ١٩٨٣دا لە زیندانی موسڵ سەردانی دەکات، ئەسعەد پێی دەڵێت: ئیعتیرافم لەسەر دوو کەس لە هاوڕیانم کردوە، ئەگەر ڕۆژێک هات و لە زیندان ئازاد کرام، کۆمەڵە لەسەر ئەوە رمیم نەکات، ئەوا من بە ڕێکخراوێکی شۆشگێڕی نازانم!! ل٢٩٨.
من لێرەوە لە یەکێتی نیشتمانی بە تایبەت لە کێنە هاورێ و هاوخەباتەکانی لە نێو ئەو حزبەدا، دەپرسم، ئایا ئەم مرۆڤە شایەنی پەیکەری زێرین نییە، لە نێو جەرگەی کەرکوکدا بۆی دروست بکرێت؟ ئاخر ئەم قارەمانە هیچی لە شەهید (ئاسۆی دەلاک) کەمتر نییە.
کاک سالار شیکردنەوەیەکی بابەتی و جوانی بێ هەڵە و کەموکوڕییەکانی ڕێکخستنەکانی ناو کەرکوک کردوە، کە بوونە هۆی ئەوەی ئەو کارەساتە گەورەیەیان بەسەردا بێت. ئەو هەڵەی ناوبراویش گەڵاوێتی لە دووبارە دروستکردنەوەی ڕێکخستنەکان مایەی دەستخۆشییە. بەڵام بیرمان نەچێت هەمیشە دوای شکست و نسکۆ هەخنەگرتن ئاسانە، ئەوەی گرنگە ئایا کاک سالار، یان شانە و کەرتەکەیان پێش ڕووداوەکە دڵتەزێنانە، وەک هەسوڵاو و کادرێکی مەیدانی ڕێکخراوەکە هەستیان بەو مەترسی هەڕانە کردبوو؟ بێ نمونە ئەو تێکەوڵکەی شانە و پۆلەکان لە بواری سەربازی و

□□کخراوەیيدا، گەر بە□□، ئایا خ□ی و هاور□کانی سەروی خ□یان بە فەرمی لەو هە□انە ئاگادار کردوەتەوە؟؟
لە لا ٤٠١دا باس لە بە□□وەچوون ک□نفرانسی دووەمی ک□مە□ە دەکات و دە□□ت، کە سکرت□ری ک□مە□ە نەوشیروان مستەفا سەبارەت بەوانەی ب□اوکراوەی (هە□وست)یان لا گیراوە، گوتویەتی (بیانبەنە دەرەوە و □ەمیان بکەن!)، ئەمەشی لە کت□بکی تر وەرگرتوە، کە نوسەرەکەی یەک□ک بووە لەو ت□مەتبارانە، واتە ب□لایەن نەبووە لە ململان□کەدا، سەیرە کاک سالار خ□ی لە ک□نفرانسەکەدا بووە، کەچی وتەی یەک□کی تری لایە□نگر نەک ب□لایەنی کردوە بە بە□گەی ئەو قسەیە، کە هیچ ل□ژیک□ک قبو□ ناکات، لە کاتی بە□□وەچوونی ک□نفرانس□کدا، سکرت□ری حزبەکە ب□ت و قسەی وا بکات! ئەوی یادداشتەکانی م. پشک□ و هەڤا□ کو□ستانی خو□ندبت□تەوە کە تا □ادەیەک بەوردی □ووداوەکانی ن□و ک□نفرانسەکە□یان ت□مار کردوە، شتی وای بەرچاو ناکەو□ت. ب□یە بە□ای من ئەم قسەیە دوورە لە □استییەوە.
لە □ووی زمانەوانییەوە دووبارەبوونەوە بە وشە و دەب□ین لە□ هەندێک شو□ن لە ن□وان یاداوەرییەکانی کاک سالار نوسیویەتی و لە□گە□ یادداشتەکانی هاو□□کانیدا، کە ت□یدا دەقەکانیان ب□اوکراوەتەوە، بەدی دەکر□ت. سەرە□ای ئەوەی چەند بە□گەنامەیە□کیشی لە پاشکۆدا ب□اوکردونەتەوە، بە□ام چونکە کوالیتییان□ چاک نییە، باش ناخو□نر□نەوە. پاشان تەنها یەک و□نەی خ□ی و دوو هاو□□ی لە پاشکۆدا ب□اوکرد□تەوە، دەکرا نوسەر هەو□ی زیاتری بدایە و هەندێک و□نەی شەهید و زیندوەکانی تری، کە هاوخەبات و هاو□□ی بوون و لە کت□بەکەدا ناویان هاتوە پەیدا بکات و ب□اوبکاتەوە. □استە وەک لە پ□شتردا وتمان زمانی نوسینەکە□ی بە گشتی □ەوانە، بە□ام لە□ هەندێک دەرب□ین و □ستەدا مر□ق هەست دەکات، کە هەشتا ش□وازی □اگەیاندن و ئە□دەبیاتی حزبی ک□مۆنیستی کر□کاریی پ□وە دیارە، ب□ نمونە: نەزەری خ□ی بەو جۆرە بەیان کرد… ل١٦٩، تەبلیغ و تەرویج و سازماندەهی … ل٣٧٠، تە□کسیرکردنی بەیاننامە، تەبلیغاتی تەسلیمخوازانە … ل ٣٨٣.
باسی وردەکاریی ناپ□ویست وایکردوە لە هەندێک جێگەدا بابەتەکان درێژبینەوە، لە□ هەندێک ش□ن پ□ویست بوو زیاتری لەبارەوە بنوسر□ت، کەچی بەکورتی پ□یدا گوزەری کردوە، ب□ نمونە شەهید مەلا مح□□ەدین، کە کادر□کی چالاک و کارا بووە، □□ی کەم باسکراوە، یان باس لەوە ناکات، چ□ن (عەلی مغاویر) پاش ئەو ناپاکییەی کردویەتی، تەنانەت دە دوانزە سا□ دوای □اپە□ینیش هەر ماوە و زیندوبووە، تا دوای پر□سەی ئازادی ع□راق ٢٠٠٣ ئینجا بە سزای □ەوای خ□ی (مەرگ) دەگەیەنر□ت!

بۆ ئەو کەسانەی قوربانییان بە گیانی خۆیان داوە لە زۆربەی شوێنەکان بە (شەهید) ناوزەدی کردون، کە بەڵای من لە ڕووی کەلتوری کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردەوە باشترین وشەیە، کەچی لە هەندێک جێگەدا دەڵێت (کوژران) ل٤٣٣، یان دەڵێت (گیانیان بە خشی) ل٣٨٥. بۆ نوسەرێک کە ئایدۆلۆجییەکی دیاریکراوی هەبێت، باشترە، یەک زاراوەی پەسەند لای خۆی، بەکار ببات.
نوسەر ڕەخنەی توند لە سەرکردایەتی یەکێتی بە گشتی و کۆمەڵە بە تایبەتی دەگرێت، تا دەگاتە ئەوەی ئەم و زۆر لە هاورێکانی لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دەست لە خەبات و ڕێکخستن بکێشنەوە. وە ئەوان بە هۆکاری سەرەکی ئەوە دەزانێیت، کە (کاروانەکە)یان نەگەیشتێتە ئەو (هەوار)ەی کە ئەمان بە دڵ و بەگیان قوربانییان بۆی داوە و خەباتیان لە پێناودا کردوە، دیارە ئەمەش بەشێکی زۆری ڕاستە، بەڵام ئەوەی دەبوو باس کرابا، ئۆ خۆ هەر شەش و جوانەوەی کورد نەبووە، کە ئاکامەکەی (گاڵ)ی هێناوە، زۆربەی زۆری، گەر نەڵێم هەموو، ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەی، لای کەمی لە ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوەڕاست و نزیکدا، بەرپا کراون، سەرکەوتوو نەبوون لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان، واتە نەگەیشتون بەو (هەوار)ەی، کە کاتی خەبات دروشم و ئامانجیان بووە، هەرچەندە سەرکەوتن خۆی شتێکی ڕۆژەییە، بەڵام، بە وردبوونەوە و هەسەنگاندن بۆ بارودۆخی دوای سەرکەوتنی قۆناغەکە و ئەنجامەکەیدا دەزانین، زۆربەیان ڕەنگە کەمتر لە نیوەی ئامانجەکانیان بەدیهێنابێت، ئەمە سەرجەم ئەو شۆڕشانەش دەگرێتەوە کە بیری کۆمۆنیزم پاشخانی فیکری و مۆتیڤیان بووە.
بەختیار عەلی لە ل٤٢٧ ڕەمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا دەنوسێت ((نیشتمان لە کچێک دەچێت، دڵۆکی زل و ناشرین ڤاندبێتی و جوانی ژاکاندبێت، سوارچاکێکیش هاتبێت ڕزگاریبکات، بەڵام شەهوەتی ئەو سوارچاکە بۆ لاقەکردن و ئەتککردنی ئەو کچە کەمتر نییە لە شەهوەتی دڵۆڤانەکان)). بەداخەوە ئەمە لای کەمی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تایبەتیتریش بۆ باشوری کوردستان ڕەک وا کەوتەتەوە! بە کورتی کاک سالار نەیتوانیوە، وەک نمونەیەکی مادیی مۆژوویی تەنها وڵاتکمان بۆ بنوسێت، کە کاروانەکەیان ڕێبوارەکانی گەیاندبێتە هەوارەکەیان، کە ئامانجیان بووە. بۆیە لام وایە گرفتەکە لە ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیریی گەلەکەشدایە، نەک هەر سەرکردە و ڕێبەرەکان.
ئەم کتێبە شایانی خوێندنەوەیە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی وێڕای زانیاریی خەباتی ڕۆژانی سەخت و مۆژووی تێکۆشانی کەرکوکن. دووبارە دەستخۆشی لە کاک سالار ڕەشید دەکەم بۆ نوسین و باوکردنەوەی ئەم کتێبە گرنگە و سوپاس بۆ دیاریپەکەیان.

سەرچاوە:

- ئەو کـــــاروانەی بێ هەواری ئیمە نەچوو، دەربارەی چەند ئەقەیەکی نادیار لە مێژووی ڕۆکخستنەکانی کۆمەڵە لە شاری کەرکوك، یادەوەری سالار رشید، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم 2020

چێژبینین لە نمایشە شانۆییەکانی هەرەمی کوردستاندا.. ڕێباز محەمەد جێزا

نمایشە شانۆییەکانی کوردستان لەووی ژمارەو زۆرنین بەڵام کاتێک چەمکی هاوکاتی و ژیار و شارستانییەت ڕوون نەبێت ، نازانین دەکوێنە کوێی ژان وزێی گرفتەکانەو ، لەبەرئەو زۆرکات دەبینین هەوڵدان بەئامکردنی هەموو خاڵێک و هاوشوناسبوونی بەرج لەگەڵیاندا ، زەمینە بۆ پۆپۆلیزم لەسیاقدا – پەرەزدا – خشدەکات ؛ ئەمەش سەر بەوساتە خایەتی کەگروپێک یان کەسێك کەس بەناوی جیاوازی و دەزینەوەی فەرمی تایبەتەو ، خەیان دەخەنە شوێنی هەموو خاڵێک و لەبری هەموو خاڵێک قسەدەکەن وپێوەرو پێوانە ڕیزدەکەن وپێی دەپێون ؛ لەکاتێکدا ئەو هەوادارانەی ئەو بەرهەمە پەسەند دەکەن هەموو خاڵێک نین !! وەکو باڵی هەموجەماوەری ئەوبەرهەمەش نین کەواتە بەو پێوەرەش بێت گەر لەدەخێکی بابەتی وستانداردا بیر لەخاڵێک بکەنەوە ئەوا خاڵێک هەشتا ناوەرۆکێکی زیاتری پێویە تافەرمالیمێکی ڕووت و ڕاستەوخۆ بێت .
بۆئەم مەبەستە بەشێکی زۆر لەنمایشانۆییەکان و بکەرەکانیان ؛ بەناوی هەمەجۆرەوە گوزارە دەردەبڕن ؛ جارێک دێن لەژێر ناوی "چێژ" و جارێکی تر دێن لەژێر ناوی " جوان " یاخود "باش" قسەکانیان ڕیزدەکەن وبەرهەمەکان بەسەر "سزا"و"پاداشت" یان "خەڵات " و "شاباش" یان "باش وخراپ " دابەش دەکەن ؛ چونکە ئەم تێگەیشتنە جۆرە پۆپۆلیزمێکی شانۆیی بەرهەم دەهێنێت (پۆپۆلیزم لەئاستێکی

سەرەتایدا ، هەوەدەدات چەمکی ناوەرۆکداری خۆیک بگۆڕێت بە فەرمالیزمەکی پەتی) ، واتە هەموو ئەوناواخنە ناکۆک و گرژانەش چارەسەر بکات کەچەمکی خۆک خۆی بەناساز هەشتوویەتییەوە !! کەواتە چی پەیوەندییەک هەیە لەنێوان "چۆژ " وەکو چەمکەکی ئیستاتیکی لەگەڵ "پەپۆلیزمی شانۆ؟ " بەتایبەتی لەنمایشی شانۆگەریەکانی هەرەمی کوردستاندا !! "لەم دەرفەتە کورتەدا ئەوەدەخەمەوو کەهیچ بەرهەمەکی " پەپۆلیستی " مەودا درێژ وقوە نییە ، بەڵکو کورتخایەن و "ئاڵۆز" و لەئاستەکی سەرەتاییدایە کەناوەرۆکەکی نەخوێندراوەو ساکاری هەیە و بەرگەی بچوکترین تاقیکردنەوەو پرسیاری "جدی –ژد" ناگرێت و هەڵدەوەشێتەوە .

بەشی یەکەم

پەپۆلیزمی شانۆگەری

پەپۆلیزم چییە؟ بۆئەوەندە مەترسیدارە؟ " پەپۆلیزم، بەرنامەیەکە یان بزووتنەوەیەکی سیاسیە کە بانگەشەی پاپشتیکردنی کەسی ئاسایی دەکات، پەپۆلیزم بەزەری توخمەکانی چەپ و ڕاست تێکەڵ دەکات ، دژایەتی بەرژەوەندییە بازرگانی و دارایی گەورەکان دەکات بەنام زەرجار دوژمنایەتی پارتە لیبڕاڵ و سۆسیالیستی و کرێکاریە دامەزراوەکانیش دەکات یان زەرجار زاراوەی پەپۆلیست بە شێوەیەکی سووکایەتیپێکردن بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی گەلێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە. کەواتە بەپێی تێوانینی مرۆڤ بە پەپۆلیزم، بەرنامەی ئاباووری پەپۆلیستی دەتوانێت یان پلاتفۆرمێک بێت کە بەرژەوەندی هاوڵاتیانی ئاسایی و وڵات بە گشتی بەرەوپێش دەبات یان پلاتفۆرمێک کە هەوەدەدات سەروەت و سامان دابەش بکاتەوە بە بەدەستهێنانی جەماوەری، بەبە گوێدانە دەرئەنجامەکانی بە وڵات " (Munro،2023) بەنام لێهونەری شانۆدا بەواتای چی دێت ؟" سەرەڕای پەیوەندییە هاوچەرخەکانی زاراوەی 'پەپۆلیزم' لەگەڵ براندێک لە حوکمەانی تاکەوی کەنەپەرستانە ، (شیلی ئەلەندە) و بە تایبەتی مەزهەبخانەی سۆلیدارێتیدا، یارمەتی نەژەنکردنەوەی پەپۆلیزم دەدەن وەک پەڕەیەکی سیاسی نەک بە دەرپەڕاندنی ، بەڵکو بە بنیاتنانی کەدەنگی جەماوەری پێناسەی دەکەن . بە پێشکێشکردنی دیدگاە جیهانێکی نوێ، ئەو هونەرەی کە نمایشکرابوو، بوو بەهۆی یەکخستنی لە کارێکی سیاسی فراوانتر، کە وەک ئامرازێک بە ڕزگاری جەماوەری، نەک تەنها بەگەنامەیەک بەکاردەهات (Mason،2010) یان هەر وەکو لەلایەن " نیل سمیسەوە " ووتکراوەتەوەو دەڵێت:" من دەڵێم کە ئێمە [هونەرمەندانی سەهە] بەڕاستی ویستمان ئەمریکا بگۆڕین. یان هەنگە ئەوە بێت کە ئێمە

ویستمان دەست بە سروشتی ئاستەقینەی ئەو شتە بگرین کە پەمان وابوو ئەمریکا چییە یان دەبە بێت.” خواستی ئەوان بە دەرخستنی بنەڕەتی ئازادی و یەکسانی کە لە بنەگەڕەکانی دامەزراندنی میللەتەکەماتووە، لە (FOOD 1971-1973)، ئەو پڕۆژەیەی کە بەکەمەکە بنەوەدەبرا، بانگەوازی دیموکراتیزەکردنی هونەری بە ژیان وەرگرت، ئاستەوخۆ پەیوەندی بە پەداویستییە جەستەیی، ئابووری، سەزداری و هونەرییەکانی کەمەگادا کرد. دواتر ئەرنەستە لاکلاو. بەم شێوەیە کردارەکانیان لە یەک کاتداو بەڵژیکەکی پەپلیستی پەشکەوتنخوازانە و پاشکشەیی پیشان دەدا. پلیسی سنوور لە شوێنەوارە ماددییەکانی FOODدا دیارە: هونەرمەندەکانی سپی پێست و چینی ناوەڕاستی سەهۆڵی سنووری نوێی شارەکانیان بە درێژایی وەدەرنانی چینایەتی و بنەگەزپەرستانەی دەرەوەی شارەکان کەشا.(Mabey،2010) بەم شێوەیە پەپلیزم هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی هەمووخەڵکە و خەی بەزمانحاڵی هەمووان دەزانێت و لە لەجیاوازییەکان دەگرێت و سنوری ئازادییەکان بەرتەسک دەکاتەوە هەیان بەدەکەشێت وبەرەو ئادەلەجیای مەبەستدار دەروات بەهام چەژ چی پەیوەندییەکی بەم دەزەوە هەیە؟ واتە شانەی پەپلیستی هەوڵی بەگەمژەکردنی دووڵایەنەدەدات: لایەنەکیان بەرهەمەکەو لایەنەکەی تریان وەرگرەکانیان . ئەوەی لەژێر دەستەواژەی پەپلیزمەدا کەدەبێتەوە، کەمەڵەی هاوچەرخەکانن کە نایانەوێت پەیوەی لە یەتمی پەشکەوتنی کولتووری و هۆشنگەری بکەن.
پەپلیستەکان یاساکانی ئەتەکێت دەشکێنن و خەیان بە جلوبەرگی مەژووویی ئابردووی تەتالیتاریەوە دەپۆشن. پەپلیستەکان ، ستایشی پاوانخوازی یەک بەچوون دەکەن و هەخنە لە تەوانینی دیموکراسی بە هەمجەریی بگرن وەک هەڵەشە لەسەر ناسنامە، کە بەپێی تێگەیشتنیان دەبێت لە ئەفسانەی نەتەوەییەکەوە سەرهەڵبدات. هەستەکانی توڕەیی و بەزاری زیادەڕەوی وەک هەسەنایەتی هەوەستیان کاردەکەن. بەپێی لێکدانەوەیەکی ئەستاو بەربەاو، پەپلیزم دەرئەنجامی دابەشبوونەکە: لە لایەکەوە، ئەو تاکانە هەن کە بە توانای فەربوون و خۆگونجاندن وەئامی گەئانکاریی خەراکان و تەحەددای فرەچەشنی دیجیتاڵکردن دەدانەوە؛ پەشوازی لە توانای فراوانبوون دەکەن ، زانین و پەیوەندی و چەژوەرگرتن. لە لایەکی دیکەوە پەپلیستەکان وەک دەاو دەردەکەون، بەرگریکارانی ئابردووی دوێنێ و چەقی نەگەیی لە قوەدا کە هەست دەکەن لە ژێر هەرشدان لەلایەن کراوەیی پرەسەی گەئانکاریەوە یان سەرکوتکراون. لەسەر ئاستی دیاردە ڕەفتاریەکان ئەم دەخە لە ئەنجامەدا وەنەیەکی دووانەیی تایبەت بەخەیەوە دەبینێت: لە لایەکەوە جوانیناسی پەپلیزم هاوتایە لەگەڵ ئەو

نیشانەی کە لەبەواری دەماریی تاکەکەسی وەک گرانەوەی سەرکوتکراوەکان.
پۆپۆلیزم – نەخشیەکی بەردەوامی سیستەم لەشانەدا چۆنە؟ جگە لەوەی ڕەبازێکی کەمایەتی-داینامیکییە، دەبێت لە گۆشەیەکی دیکەوە لێبڕچاو بگیرێت. ستراتیژییەکانی پێوەندیکردن لە سادەکردنەوە و یاریکردن بە هەستەکان و ئینکاریکردن لەڕاستییەکان و لە ئەستادا لە ئابووری و ئیکۆلۆژیای میدیادا بەکاردەهێرن کە تێیدا نەخشی ڕەفتار بووەتە نیشانەی کەمەگەی دیجیتاڵی بە گشتی.
لە ساڵی ١٩٧٦دا کەمەناسی فەرەنسی (ژان بۆدریلار) تێڕوانینێکی داشت لەو کاتەوە لە مۆدە دەرچووە، وەک ئامرازێکی شیکاری بەسوودە.

- زۆر پێش دیجیتاڵکردنی دەق و وێنە و فیلم و زۆر پێش هەنانەکایەی ئامڕە مۆبایلەکان کە مرۆڤی مۆدێرن بەردەوام لە پێوەندیدا دەمێنێتەوە ؛ بۆدریلارد ئاماژە ناکات بە ئاوەزی لەم سەردەمەدا پەی دەوترێت هەواڵی ساختە یان شێوەی زانیاری، واتە زانیاری هەڵە بە ئەنقەست و داشتنی بڕچوونی حیسابکراو. کەواتە چیە؟ چۆن لەجیاتی تێبگەین ولە پۆپۆلیزمی هونەری بەدووربین ؟ کەلەم ڕۆژانەدا زۆرترین بەکارهێنەری زاراوەی چیە کێنەدەزانن چیە؟ نەهاوەی تێگەیشتنیش دەدەن .!! لەبەرئاوئەم نووسینە هاوەدەدات زۆر بەسادەیی وبەکورتی ئاوەمان پێبڵێت کە چیە باباتەکی پۆپۆلیستی نییەو بینەرانیش پەلەن ناکەن لەژێر ناوی چیژی وەرگرت یاخود نا !! لەکاتێکدا ئەمە پێویستمان بەخوێندنەوەی جدیی و ژیدی دەزگەهەیە ..

بەشی دووەم

چیژبینین لە شانەدا

چیژ چیە؟ چۆن لە چیژ تێبگەین؟ ئەمە ئاو پرسیارە وروژێنەرەیە کە قسە و باسی زۆری لەبارەوە کراوە؛ بەڵام لامان ڕوون نییە واتا و مەبەستەکانی چین؟ لەبەر ئاوەی زۆر بە کار دێت و تا ڕادەیەک ئاڵۆزە و بە گرنگی دەزانم پرسیار لە چێتییەکەی بکەم، چونکە "گومانی تێدا نییە کە پرسیارکردن دەربارەی هەر شتێک جۆرە ئاگاییەکە دەربارەی باباتی لێپرسراو و جێ مەبەست؛ هەروەها ناسین و زانست دەربارەی پرسیارلێکراو لە خودی وەڵامەکەدا واتا و ئاشکرایە." (کرێچ: 2010، 53). چۆن بیر لە چیژ بکەینەوە؟ بە شێوەیەکی سەیر سەختە پێناسە بکرێت، زۆر کەمتر هەست بە باشی بکرێت

لەو بارەیەوە، چۆن بوونەوەرەکی فەناویە. " ئایا فەلسەفە دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ ئاسانکردنی؟" (Dresser، 2020) بیرو باوەڕی چڕبەخشی ئاستەقینە بۆ ناوی پێش ئێپیکەرسەوەیە، بەو پێیەی ئەو کەسەی کە دایمەزراندووە، خوێندکاری سەکرات بووە بۆ ناوی ئێپیکەرس، لە نێوان خۆی و ئەفلاتوون و ئەرستۆدا ئکابەری هەبووە و بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئەفلاتوون فەلسەفەی سەکراتی شێواندووە. سەبارەت بە نەیارەکانی، تەمەتباریان کرد بۆ سەفیست. پەدەچێت لە سەرەتادا یەکێک بووبێت لە سەفیستەکان، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی ئۆکاندا، ئەو سەفیستەی کە لە بازنەکەی دوورکەوتەوە و یەکەم خشتی بۆ یەکێک لە گەورەترین بیری فەلسەفی سەردەمی ئەمە دانا کە سوودی گشتی بۆ هەموو مرۆڤەکان هەبوو.

ئەم پەرەسەندنە لە لایەن فەیلەسووفی ئینگلیزی تەماس هۆبز، جۆن لۆک، دەیڤید هیوم، جۆن میل و هەربەرت سپێنسەر ئەنجام دراوە، بەڵام سەرچاوەی بیرکەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بلیمەتە یۆنانییە (ئێپیکەرس). ئەرستۆ بۆ ئێپیکەرییەکان چۆڕ بۆ هیچ شێوەیەک هەستەکی ئەرێنی نییە، تەنیا هەستکردنە بۆ ئاسوودەیی یان ئارامیی کە دوای ڕزگاربوون لە ئازار دێت. «ئەکسیلۆژیا/ ئاکارناسی» و ژیانی بەختیار و چۆڕوەرگرتن "بۆ پێی فەلسەفەی ئێپیکەرس تاقیکردنەوەکانی ژیان دەری دەخەن کە ئەمە سوودا سەری لەزەتین، زیندەوەریش بۆ بەرکردنەوە و فەربوون، وەک ئادەمیزاد بۆ شوێن لەزەتدا دەگەڕێت. کە وابوو لەزەت یان چۆڕ مەبەست و ئامانجە، ئەو هەگایەش کە بۆ گەیشتنە لەزەتەکەش دەگیرێتە بەر، فەزیلەتە." (عەزیز: 2005، 275) مرۆڤی تینوو بەم شێوەیە هەست بە چێژ دەکات کاتێک تینوێتی بۆ پڕداخێک ئاو دەکوژێتەوە. ئەرستۆ دان بەوەدا نانێت کە چێژ سیفەتێکی نەرێنی هەیە، بەو پێیەی تەنیا ڕزگاربوون نییە لە ئازار، بەڵکوو بۆ بەچوونی ئەو توخمەکی ئەرێنی لە خۆ دەگرێت، ئەو دەڵێت ئەو چێژەی ئەمە بۆ دوایدا دەگەڕێین، ئەو چێژەیە کە ڕاستەوخۆ لەسەر هەگاکەمان دەیدزینەوە، واتا کە ئامانجمان دەرهەنانی چێژە لە ساتەوەختە زوو تێپەڕەکان. دوور لە هەموو پێشیمانیەکی بەماناو بەسەر ئەو خۆشیانەی کە نەماون، دوور لە چاوەڕوانییە بەماناکانی ئەو خۆشیانەی کە هەنگە بێتە پێشەوە. ئابردوو ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە و داهاتوویش تا ئادەیەکی زیاتر لەوەی چاوەڕوانمان دەکرد خەریکە دەکرێتەوە.

(الغنامی: 2023) ئەرستە دان بەوەدا نانێت کە چۆژ جۆرێتی نەرێنی هەیە، چونکە تەنیا ڕزگاربوون نییە لە ئازار، بەڵکوو بە بەچوونی ئەو توخمەکی ئەرێنی لە خۆ دەگرێت. وەسفکردنی هەر چۆژێک بە خراپە لە ڕووی زاراوەوە دژایەتییە، بە ئەو چۆژ هەمیشە چاکە و خواستراوە لە هەموو کاتێکدا. مرۆڤەکان وا گریمانە دەکەن کە چۆژەکان لە سروشتی خۆیاندا جیاوازن، چونکە لە سەرچاوەی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرن، هەر بۆیەشە دەگوترێت چۆژە دەروونییەکان پلەیەکی بەرزتریان هەیە لە چۆژە هەستیارەکان. ڕاستییەکەی هیچ بنەمایەک بۆ جیاکارییەکی لەو شێوەیە نییە، چونکە هەموو چۆژەکان هەمان سروشتیی هەستیان هەیە، بۆ بۆ گومانە ئەو سەرچاوەیەی کە لێیەوە سەرچاوەی گرتووە. هەرچی دەیزانین و هەموو کارەکمان بۆ هەستکردن گەیاندوە، بۆ ئەوەی بتوانین وەک فەیلەسووفی هەست «وەسف/ پەسن»ـی بکەین.

چۆژ شتێکی داواکراوە، ئازار شتێکی ڕەتکراوەیە و هەموو شتێکی تریش بۆ پەی ئەو چۆژە یان ئازارەی پەیوەستە پێیەوە، خوازراوە یان نەخوازراو. لەبەرەوە دەرئەنجامەکە ئەوە بوو کە چۆژ ئامانجێکی پێویستیە. زۆر گرنگە بە ڕوونی هەموو ئەو شتانە ببینین کە ئەم بانگەوازە بۆ ئەم ئەزموونە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. سەرنج بدەن، تێڕوانینی ئەرستە سنووردار نییە بۆ ئازووی هەر مرۆڤێک بۆ چێژ و دوورکەوتنەوە لە ئازار، بەڵکوو باس لەوە دەکات کە مرۆڤ ناتوانێت ئازووی هیچ شتێکی تر بکات. (الغنامی: 2023) یاخود هەر وەکوو لە سایتی (Stanford Encyclopedia of Philosophy)ـدا هاتووە چۆژ لە بەکارهێنانە گشتگیرەکاندا گرنگن لە بیرکردنەوەدا سەبارەت بە خۆشگوزەرانی، ئەزموون و دەروون، سەزداری ئەرێنی، هەموو خۆشی و حەز و چێژوەرگرتن لە خۆ دەگرێت. لە ئێستادا زۆر جار بەختەوەری بە هەمان شێوە بە کار دەهێنرێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی تێکەڵبوون لەگەڵ بەکارهێنانە کۆنەکان کە ئاماژەن بە بەختەوەریی گشتی یان سەرکەوتن لە ژیاندا .

لەم ڕوانگەیەوە چێژ دابەش دەبێت بە هەست و بەرهەست و لەوانەوە جێ بەخۆی دەگرێت و کاریگەری دادەنێت. ڕەنگە فەلسەفەی چێژ وەک فەلسەفەیەکی تاکگەرایی و خۆپەرستانە دەرکەوێت کە بچووکترین گرنگی بە کەتوار یان ئەوانی تر نادات و بە دوای ئارامی و چێژەکاندا بگەڕێت، ڕاستییەکە

ئەوەیە ئەگەر قووڵتر بچینە ناو پێکهاتەی مرۆڤەوە، چەژنەکردنەوەی ئازار و بەفیڕۆدانی توانژانی ژیانە، هاکردنە بە دوای وەهمە کوشندەکان و خاڵی قارەمانێتی لەسەر حیسابی ئارامی دەروون و بیرکردنەوە و چەژ و ئارامی و بەختەوەری کە ئامانجی بوونە. (طاهر: 2020)0ئەم ئاخ هەڵکێشانە بە تەنگەیشتنە لە دەخێک کە زیاتر بووە و زەحمەتە بە دوایدا بچینەوە. هەروەها لە سایتی (Stanford Encyclopedia of Philosophy)دا باس کراوە، چەژ وەک باش و سەرنجاکێش پێشکەش دەکات. ئەمەیش هەوونکردنەوەیەکی سادە پێشنیاز دەکات، هەم بۆچی مرۆڤەکان بە دوای چەژدا دەگەڕێن و هەم هەکاریش هەیە بە ئەوەی ئەو کارە بکەن. ئەوەی کە ئەنگێ ئەمە شتێک بە چەژکەی پێ باشتر بێت و هەڵبژێرین، ئەوەمان بە دەردەخات کە هاستیەک هەیە سەبارەت بە چەژ کە هەندێک هەڵبژاردنی لەو جارە باشتر دەکات لە هەندێکی تر. فەیلەسووفەکان ئەم پێشنیارە زیاتر دەبەن، هەندێک جار چەژیان لەوە وەرگرتووە کە تاکە ئەزموونێکی سادە (تایبەتمەندی) ئەزموونەکان باش و سەرنجاکێش دەکات تا ئەو هادەیەی کە ئامادەن. لەبەر ئەوەی (مرۆڤ بوونەوەرێکی قسەکەرە، کە بە هەی خانەکانی مێشکییەوە لێکدانەوە و هەستەنگاندن بە ژیان، بابەتەکان، ئاکامەکان، دوونە، ئەمە، ئایینەدە دەکات. لەناو کەللەی سەری مرۆڤدا کام لە پانەرەکان هانی دەدەن کە هەڵسوکەوتار و ئاکارەکانی بە ئاراستەیەکی دیارکراودا هەک بخات؟ ئەم پانەر و مەتیڤانە دەشێت «ترس» بێت کە لە دەسەڵاتمان هەیە تا باسی «چەژ» بێت کە دەمانخاتە پێوەندیەکی هەمانسیانە بە بە دەستهێنانی سێکس و هەروەها دەشێت بیرکردنەوە بێت لە «بەختەوەریەکی ئارام» کە لە چاندن و چاودێریکردنی درەختەکان و سەوزایی باخچەی گەرەکەکەمان ئەزموون دەکەین. دەکرێن ئەم سێ وشەیە «ترس، چەژ و بەختەوەری» ئیدارەی ئەم بوونەوەرە بیرکەرەوە ئاماژە دەکەن و دەسەڵاتیان زاهێ بەسەر سایکۆلۆژیەتی و بیرکردنەوەکانیدا. (دەسکی: 2021). چەژ یان لەزەت؛ هەستکردن بە خۆشیە، یانی حاهێک کە بە لەش جار و لەبارە و حەزی پێ دەکات. پێچەوانەی ئەش و ئازارە، کە بە لەش ناخۆش و ئازیەتکەرە.

مرۆڤ و گیانلەبەرە خاوەن وشیاریەکانی تر، یانی ئەوانەی لە خێان و لە دەوروبەریان ئاگادارن، مەیلیان لە چەژوەرگرتنە و بەیان بە بایەخ و شیاوی بە دوادا گەڕان. چالاکیە

چۆنیەتی بەخشکان زەرن، بە وتنە خواردن و سەکس و گوگرتن لە مسیقا و کایکردن. زانستی هاوچەرخ بەشکی گرنگی بە چۆنیەتی دگەنتەوە، بە پشنیازی ئەو دکات کە پیوندیکانی چۆن بە هشیاری و سرنجاکشانی پانرەوە ؛ فیلسووفانی هاوچەرخ بردەوامن لە مشتومکردن لسەر ئەوەی چیە؟ بەم تنیا دستیان کردووە بە قسکردن لسەر پشکەوتنە زانستییەکان کە هەواش هەی دکەنەوە کە چ بکارهنانکی تمەندرژی ماددە دروونییە چالاکەکان بە بەرزکردنەوەی باری دروونی و چارسەرە نوییەکانی درمان بە خمەکی پشتر پشبینی کراوە کە چۆن دیاردەیکی بایەلۆژیە. (Lake, MA & BA Jazz 2021) لای (سپنسەر): " چۆن زندە وزیەکە پویستی بە درپەین هەیە." هەروەها (شیلوو) دەڵێت: " مرۆڤ بە تنیا گەمە و یاری دکات و لە گەمە منداڵانکیدا قووترین مانا هەیە، هندک پیان وایە کە چژوەرگرتن مەعریفەیە، یان ڕامان و درککردن و بشداری و هاوئاهنگییە، هموو ئەمانیش بە ڕێگەز دروونییەکانەوە پیوەستن. ئەوەی گومان هەناگرێت ئەوەیە کە میکانیزمی چژوەرگرتن زۆر ئاڵۆزترە وەک لە میکانیزمی مەعریفە و زانین، هەزی چەشە و چژوەرگرتن هەزی زیرکی نییە، بە هکارە جراوجرکانەوە بستراوبتەوە، هندکیان دروونی و هندکیشیان کۆمەڵایەتی و مەڵایین، ناکرێت لە گۆشەی هکارکەوە بوانرێتە ئەو میکانیزمە…" (هەسوو: 2017، 130_134).

ئەنجام

کەواتە چۆنی نمایشە شانییەکانی هەرەمی کوردستان دکەونە کوێی ئەم دەزەوە؟

ئەو چۆنە شانییەی کە لە ئەنجامی کاریگەریی پیوەندی نەوان وەرگر و نمایشی شانەدا دروست دبێت، نوێنرایەتی ئەو چنانە پیوەندییە دکات کە لە ڕێگەیەوە ناوەڕۆکی دق و پشکشکردنکە پکەوە دزپێدکرێن و کارلکی دروونی نەوان (بەرهەم و خودی وەرگر) و کارلکی گیشتنە بەزرترین حاڵەتکانی هاوسازی قووە بە ستراتیژی ئیلهامبەخشی شانیی، یاخود پیوەندییەکانی نەوان هەردوو لای هاوکشەکە (بەرهەم + وەرگر) نزیکتر دبنەوە. (الاعسم2007) چۆکانی ناو شانی ژیان زەر و هەمچشن، مرۆڤیش بە پرسی تەرکردنی غەریزەکانیەتی بە چۆژ جراوجرکان، لە ڕێگەی

جراوجۆڕەوە، یاسایی یان نایاسایی، تووشی کێشە دەبێت، بە مەرجێک پاڵنەری سەرەکی ڕزگارکردنی ڕۆح بێت لە شتە سەرکوتکراوەکان، بەبێ گومانێ هۆشیاری، کولتوور، پاشخان، یان تیۆر، مەرجدارکراون بۆ چۆنێتی وەرگرتن لە بەرهەمەکانی هونەر، لێوانێ: شانۆ، سینەما و تەلەفزیۆن، بەتام ئەو چۆنێتی کە لە ئەنجامی سەیرکردنی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و شانۆنامەکانەوە یان نمایشە گۆڕاوەکان بەگشتی دەتە ئاراوە، نزیکە لە سەرنجڕاکێشترینیان. بەڕاچاوکردنی سالیقەی بینەران، هونەرمەندانی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەست و دڵی مرۆڤەکان لە سەرانسەری جیهانداە هەیە. (الأعسم،2023)بەتام بە ئەو نەتوانێ نەریتی بینینی نمایشە جیاوازەکانیان نییە ،نازانن وناتوانن چۆژی بەرهەمی هەمەجۆرو فرەچەشنییان هەبێت ؛ کەشکە بەجۆرێکی تر و پەویستی بوونەکاری زیاترە ؛ چونکە مرۆڤی کورد شایانی ئەوەیە پەروەردەی شانۆیانەی خۆی پێش بخات و بتوانێت بەسروشتی و دوور لەشێواندن گوزارشت لەخۆی ونمایشەکان بکات .

ئەباز محەمەد جزا

سەرچاوەکان :

1. کرێسە ، بندیتە ، چەمکەکانی جواناسی ، وەرگێڕانی : سەربەست خەسرەوعارف ، دەزگای چاپ و پەخشی سەدەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی 2010
2. محەمەد جزا ، ئەباز : ئیستاتیکای شانۆگەری ، لێپێمانگای هونەرجوانەکان / بەشی هونەری شانۆ ، ساڵی : 24/4/2017
3. عەزیز، حەمید : سەرەتایەک لەفەلسەفەی کلاسیکی یۆنان ، لێبەاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سەران _ هەولێر ، زنجیرەی ژمارە (36) ، چاپی دووەم – هەولێر2005
4. https://www.imdb.com/title/tt30277878
5. Mason, M. (2010). Sample Size and Saturation in PhD Studies Using Qualitative Interviews. Forum Qualitative Sozialforschung/Forum: Qualitative Social Research, 11
6. باز ، اوکتافیو : ‘الشعر ونهايات القرن والقلة والكثرة’، ، ت. ممدوح عدوان. ، مجلة المدي/ العدد 16/1997،

7. أبتر، ت .ي: ادب الفنتازيا، ت. جبار سعدون، دار المأمون، بغداد، 1989
8. https://www.iasj.net/iasj/article/13140
9. https://alsabaah.iq/72410-.htm

چەند شیعرێکی چاڵس بوکۆفسکی.. ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدولا سەمان(مەشخەڵ)

شاعیری سەعلووکەکانی لەس ئەنجلسی ئەمریکا

شیعر

بە نووسینی
چەند شیعرێکی پووخت
گەلێ نائومێدی و
بێزاری و
بەدبەختی پەویستن
ئەویش
نە بە هەموو کەسێک
دەنووسرێ و
نە بە هەموو کەسێکیش
دەخوێنرێتەوە.

ئەستا

گەیشتن بەئەمە و
پێنانێ نەو ئەم تەمانە زەرەوە
دەیکان تەپڵین
بەئەوەی تەنانەت یەک کەسی بەڕاستی ئەهریمەنم تووش ببێ

بەئەوەی تەنانەت یەک کەسی بەڕاستی جیاوازم تووش ببە
بەئەوەی تەنانەت یەک کەسی بەڕاستی چاکم تووش ببە
بە پەنانە نەو ئەم تەمانە زەرەوە
دەیکان تەپڵەین و
بەیانیانیش تا تە بەڕی خراپترن.

با پێت بڵێم

دەزەخ بە پرسەیەکی لەسەرخۆ
نەک خەرا
پارچە پارچە و
خشت بە خشتی
بە چواردەورت هەڵچنرا.
ئەمە بەدەستی خەمان
دەزەخمان
بە خەمان دروست کردووە و
گلێیش لە خەڵکانی تر دەکەین.
بەڵام دەزەخ هەر دەزەخە
پە بەپێستی وشەی دەزەخ هەر دەزەخە
دەزەخی من و
دەزەخی تە و
دەزەخی ئەمە
دەزەخ، دەزەخ، دەزەخ
گەرانی دەزەخ
سەر لە بەیانی پەڵاوەکانت لە پێبکە
ئەی دەزەخ.

جەنگ

جەنگ، جەنگ، جەنگ
ئەژدیهایەکی زەردی
عەقڵ و جەستەخەرە
جەنگ،
شتێکە لە وەسف نەهاتوو
چەژێکە لەتووڕەیی،
دوا چەتەچەتی پیاوەکی عەقڵ ساوایە.

جەنگ هی ئەمەیە؟
ئەمە بەرپاکەری جەنگین؟

لەگەڵ نزیکتر بوونەوەمان
لە دوا تروسکەی دڵرفێتمان
تاقە گوڵێک مایەوە
تاقە چرکەیەک
هەناسەیەکی لێم جڕە.

باران

سەمفۆنیای ئەرکێسترایە.

چ نووسەرێک بوو

ئەوەی ئێ ئێ کەمینگزم لا دێگیر دەکات
دەهات لە پیرەزی وشەی دەبەی و
زەر بە جوانی و لەزانانێ
دەرکانی نیشان دەداین
جوان و تێپەش

چی پێ دەویست، ئەوەی دەکرد
ئەمەش لەنەو
سەرما و ماندوەتی
هێدەوەراین
ئینجا بەگومان لاسایی کەرەوکانی دەهاتن
لاسایان دەکردەوە
وەک ئەوانەی لاسایی کیتس و شیەی و
سوینبەرنس و باریەنیان و تادواییان دەکردەوە.(٣)

بەڵام تەنها یەک ئێ ئێ کەمینگز هەبوو
یەک هەتاو.
یەک مانگ
یەک شاعیری لەو جەرە.

هاودەم

من تەنها نیم
ئەوەتا لەرێە
هەندجار هەست دەکەم
ێیشتووە
دوایی سەرلەبەیانی
یان نیوێێ

یان بۆ شەو
لە شەقی باڵ دەدا و دەتەوێ
ئەو باڵندەیە کەس نایەوێ
لە من زیاتر
ئەوە باڵندەیە، باڵندەی منە
باڵندەی ناسرییە
گەرانی ناوێ
ئەو باڵندەیە
لەسەر لقی دارەکە لارە لاریەتی.

وەختە شیعر خۆی دەدا لە

وەختە شیعر خۆی لە هەزاران شیعر دەدا
ئەوسا هەست دەکەی
داهێنانت زۆر کەم بووە.

عەشق و ناوبانگ و مردن

لەدەرەوەی پەنجەرەکەم دادەنیشە و لەم دەڕوانە
وەک کەنەفتەژنێک بیەوێ بچێ بۆ بازاڕ
دادەنیشە و لەم دەڕوانە
لە میانی تاڵ و تەم و ووەینی سۆگەوە
بۆ شپرزەییەوە ئارەق دەتکێنە
تا لە ناکاو ڕۆژنامەیەک دەکەشم بە شاشکەدا
ڕەنگ وەکو کوشتنی مەشک
ئەوسا گوڵت لە هاوارێک دەبە
بەسەر ئەم شارە بێکەس و
پاشان دەڕوا.
کەتایی هێنانی شیعرێک بەم شێوازە
بەدەنگیەکی لە ناکاو دەخوەقێنە.

هێندە کەس

هێندە کەس هەرگیز شەت نابن
بەس من، هێندەجار لە پشت قەنەفەکەوە
بە سێ چوار ڕۆژ پاڵ دەکەوم.
لەوێدا دەمدەزنەوە
دەڵێن ئەوە فریشتەکەیە
ئینجا شەراب دەکەن بە گەروومەوە

سنگم ڕۆژن دەکەن و دەمشەلن.(٤)

هەنری چارڵس بوکەفسکی؛ شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانووسی ئەمریکی، لە شانزەی ئابی ساڵی ١٩٢٠ لە ئەڵمانیا هاتۆتە دونیاوە. بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم شاعیرە بریتین لە هەزاران شیعر و سەدان کورتە چیرۆک و شەش ڕۆمان، کە زۆربەیان ڕوو بە خەڵکی هەژاری ئەمریکان. یەکێک بووە لەو شاعیرە زۆر تایبەتانەی کە لە مەژووی ئەمریکادا جارێکی هەرگیز دووبارە نابێتەوە. ئەم شاعیرە لەسەر گۆشە تایبەتێکەی (تێبینییەکانی پیرەپیاوێکی کۆنەفت) نووسینگەی لەکۆینەوەی فیدڕاڵی پەروەندەی تایبەتی بە دەکاتەوە. بوکەفسکی لە دایکێکی ئەڵمانی و باوکێکی ئەمریکییە و لەساڵی ١٩٢٣ ئەم خانەوادەیە لە ئەڵمانیاوە دەچنە ئەمریکا و پاش ماوەیەک لە ناوەندی باشووری لەس ئەنجەس جێگیر دەبن ، لەو گەڕەکەی کە پێشتر باوک و باپیری بوکەفسکی کاریان لێکردووە و تیایدا ژیاون. ئەم شاعیرەی ئەمریکا باوکێکی بێکار و تووڕەی دەبە و لەووی جێستەیی و دەروونییەوە زۆر ئێشکەنجەی بوکەفسکی دەدات و ئەم گەنجە هەست ناسکەش هەر زوو تێکەڵ بە دونیای خواردنەوە دەبە. دوای قەناغی ئامادەیی، بوکەفسکی بە ماوەی دوو ساڵ دەچێتە کۆلێژی لەس ئەنجەس و ئەدەب و هونەر و ڕۆژنامەگەری دەخوێنێ. لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا یەکەمین کورتەچیرۆکی بڵاو دەبێتەوە. لە هەژدەتی لاویدا تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن دەبێت. لە سەرەتای دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە فەرمانگەی پۆست دادەمەزرێ. لەماوەی ژیانیدا چەند جاری کارەکەی دەگۆڕێت . ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ ژنە شاعیر بەربەرا فرای هاوسەرگیری دەکات و دوای دوو ساڵ لێیکتر جیا دەبنەوە. لە ساڵی ١٩٦٩ لەلایەن "بلاک سپاڕۆ پرێس"ەوە کاری پەدەردێ.(١) بوکەفسکی لەگەڵ خواردنەوەدا دەژیت و خواردنەوە کاریگەری زۆری دەبێت بەسەر ژیانی کەمایەتی و نووسینەکانی. ساڵی ١٩٧٦ دووبارە هاوسەرگیریی دەکاتەوە و ئیتر بوکەفسکی لە نێوان خواردنەوە و نووسیندا ڕۆژکانی ژیانی بەسەر دەبات، تا لە نەی ئازاری ساڵی ١٩٩٤ بە نەخۆشی لوکیمیا گیان لە دەست دەدات. بوکەفسکی ڕاستگۆیانە گوزارشت لە خەی دەکات و گەورەترین ڕاستگۆیی لە نووسینەکانیدا بەدی دەکرێت. ڕاستگۆییەکەی بوکەفسکی لە بەرجەستەکردنەوەی ئینسانییەتی ئینسان لە شیعر و نووسینەکانیدا لە خراپترین حاڵەت و دەخی تێکشکان و کارەساتئامێزیی ڕەنگ دەداتەوە. نووسینەکانی بوکەفسکی لەپێوەندییەکی بەهێز دان لەگەڵ خەڵک، لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە ڕەنگە هەر ئاگایان لە نووسین و ئەمە و بوکەفسکی نەبێت. کرداری نووسین لای بوکەفسکی لە نێوان دوو جەمسەریی مرۆڤ و کاری نەکردا

لەهاتوچۆ دایە و بەهاکەشی بەهیچ ناخەمڵێنرێ. بوکۆفسکی ئاگەر چی خۆی زۆر بە ئاگایی‌ەوە شوێنی ژیانی دەستەبەرکردووەو ئاگاداری پارەی خۆی بووە و زانیوێتی چۆنی خەرج بکات و هیچ کاتێک و هیچ شوێنێک لەسەر شەقامەکانی شار نەماوەتەوە و سەعلووک نەبووە، بەڵام سەرجەم بەرهەمەکانی هەنگدانەوەی ژیانی سەعلوکەکانی لەس ئەنجەس و ئەمریکان و دەتوانین بە نووسەری سەعلووکەکانی ناو زەد بکەین.(٢)

پەراوێز و سەرچاوەکان :

(١)بلاک سپارۆ پرێس؛ دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی بلاک سپارۆ لە ساڵی ١٩٦٦ لە لایەن جان مارتینەوە لە لەس ئەنجلسی کاریفۆرنیا دامەزراوە تا بەرهەمەکانی چارڵس بوکۆفسکی و نووسەرە پێشەوەکانی تری ئەمریکا بڵاوبکاتەوە. دوای زیاتر لە ٣٥ ساڵ و چاپکردنی نزیک بە ٧٠٠ کتێب، جان مارتین دەزگاکەی لە ساڵی ٢٠٠٢ فرۆشت.

(٢)بە نووسینی ئەم کورتە ژیاننامەیەی بوکۆفسکی سوودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە.

http://en.wikipedia.org/wiki/Charles_Bukowski

(٣)ئێ ئێ کەمینگز؛ شاعیر و وێنەکێش و شانۆنامەنووس و نووسەری ئەمریکی ١٨٩٤ – ١٩٦٢

کیتس؛ جان کیتس شاعیری ئینگلیزی ١٧٩٥ – ١٨٢١

پێرسی شێلی؛ شاعیری ڕۆمانتیکی ئینگلیز ١٧٩٢ – ١٨٢٢

ئەلگەرنۆ چارڵس سوینبەرن: شاعیر ڕۆخنەگر و شانۆنامەنووس و ڕۆمانووسی ئینگلیزی ١٨٣٧ – ١٩٠٩

جۆرج گۆردن بایرۆن؛ شاعیری ڕۆمانتیکی ئینگلیزی ١٧٨٨ – ١٨٢٤

(٤)ئەم شیعرانەی سەرەوەم لەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگرتووە.

The Last Night of the Earth Poems-1

Charles Bukowski

An Imprint of Harper Collins Publishers

New York, USA 2002 page 94,136,147,337, 338, 345.

/2- http://www.poemhunter.com/poem/as-the-poems-go

تێبینی : ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئامان ژمارە ٣١٨ ی ساڵی ٢٠٢٤، بڵاوبووەتەوە.

کاکل کونبا و لاولاو و لاولاو.. تەنزی چیرۆکی: عەبدولڕەحمان فەرهادی

کاکل کەپتەر، یەکێک بوو لە هاوڕێیانمان کە بە خوێندن لە تیراوەوە دەهاتە دواناوەندیی زەزان. کاکل، هەر بە هەرزەکاری دڕزنکەی داهێنەر بوو لە هەڵبەستن و فیشاڵ و فەرتە و شڵەمانوشێنی، هەبەی شڵەمانی دڕێکانی، هیچ جارێ هەبەیکی ئەرز ئەرزی شەی عیراق و ئێرانی نەدەگێیشتە، بەیە لە شەشی ئامادەیی کلکەناوی (کەپتەر)مان بە کردە (کونبا)، لەوەوە بە (کاکل کونبا) ناوبانگی دەرکرد، دواتر کاکل بووە بازرگان و بە زیتوزرنگیی خەی، دەوڵەمەندکەی نەقڵەای لە دەرچوو. کاکل ئەوکات لە مانای کونبا نەدەگێیشت، دەمانگوت: "کونبا واتا تەوژمی بایەکی زەر کە لە تونڵ و کونشاخان دێتە دەرەوە و دەنگەکەی هاشێیەکی گەورەی لەوە دە، مانای بەهەزی دەدات، کاکل گیان، تەیش بەهەزی بەیە پێت دڵێین کونبا!" ئەو نەیدەزانی کلکەناوی کونبا کە دەدرێتە پاڵ یەکێک، بە مانای کەسی درەزنی بە شاتوشووت دە، (شاتوشووت)یش دوو وشەی لەکدراون، شات واتا کەسی خەڵکەکەش کە لە سڵەمانی پێدەڵێن فشەکەر، هەرۆهەا شووت واتا درەی هەڵبەستراو، کە چیرۆکەکەی فانتازیایەک و بە بنەمایە. کاکل، بەهەق کونبایەکی بەئامان بوو و چیرۆکی ئەفسانەییی ئەوندە زەر بوو، باوڕ ناکەم هیچ چیرۆکنووس و ڕۆمانووسێک دەرفەتی نووسینەوە و کەکردنەویان بە، من هەوەم داوە بەشەکیان بنووسمەوە و بیانکەمە چیرۆک، بەڵام تەواو تیایدا سەرکەوتوو نەبووم. لەو ستان سەرهات و چیرۆکانەی وی، دەتوانم یەکەکیانتان بە بگەمەوە:

من کە قەناغی ئامادەییم بەی و چوومە زانکە، چەند ساڵێک لە کاکل کونبا دابەام. هەژەکیان لەناو قەرەباغییەکەی شەقامی باتا، لووتم بە لووتی بووەوە، دوای چاکوچەنی و یەکتر ماچکردن، دەستی گرتم و بردمیە چایخانەکەی ئەبوو سامی کە هەر لەسەر ئەو شەقامەیە، دوای باسوخواسێکی زەری خەی و گەانەوەی سەرهات و چیرۆکە لەبن نەهاتووەکانی. من بە سەری زمانی سوتاوم گوتم:

-ئەرە کاکە، ئێستایش ماتتان هەر لە تیراوە ماوە؟ باگەی دامەوە:

-نااا، نەخێر برایە من، ئێستا گوزەرانم زەر باشە و خانووەکم لەسەر شەقامی سی مەتریی تەنیشت تیراوە کەیوە کە چەند کاتێک لە

دواوەی ماڵی پارێزگاری هەولێر. وەسفەکەی وا بوو کە ماڵێکی نزیکی چایخانەی بایێز! ماڵی پارێزگار، زۆر لە پشت ئەوان ڕێک لەسەر شەست مەتری بوو، بەو پێیە بە، زۆر لێک دوور بوون.
گوتم:
-کاکە، وەسفەکەی تەواوم بە بکە کە کامە دەرگا هەوە، تا ڕێژەک سەرکەت بدەم.
ئەوکات وەک ئەستا مۆبایل و لەکەیشن و ئەو بەزموزمانە نەبوون تا کارەکانمان مەیسەر بکەن. وێستم باشتر تەمگەینە، کەچی ئەو قسەکانی پێ بڕیم و دەستی بە ئاسانکاری و وەسف و چۆنیەتیی دەزینەوەی ماڵی خەیانی بە کردم و گوتی:
-گوێبگرە کاکەی فەرهادی
-ئەمە لە ماڵەوە باخچەیەکی گەورەمان هەیە، ساڵانەکە بنە لاولاوەکمان چاندووە، لاولاوی سەگباخەو، ڕەگی وا داکوتاوە و بە عەموودی بەردەرگاکەمان هەڵگەڕاوە و دارتەلەکانیشی تەنیوەتەوە و ڕەیشتووە، نە عەموودەک نە دووان و نە سێیان، دەیان عەموود بەو کەڵانەدا ڕەیشتووە و لاولاو نەوەستاوە و خەریکە تەواوی دارتەلەکانی گەڕەکەکە بگرێتەوە، باشیەکەی لەوەدایە هەر ڕەیبوە و تا بەردەرگای ماڵی پارێزگار نەوەستاوە، ئەستا لاولاو لەوە وەستاوە، ئیتر خوا بزانێ بە کوە دەگات! دەنیام دەپەڕێتەوە و بەرەو تێراوێش دەڕوا، ئەو لاولاوە خەرێکی زەری بە من داوەتەوە، بە چەن!
منیش تەواو چووبووم ناو گەڵانەوە بەچەژەکەی.
کاکل بەردەوام بوو:
-بە برای خەم بەم، ئەو لاولاوە سوودەکەی لەوەدایە کە هەر میوانەکم دێ، ڕەکەوت زۆر جار لە پاسەوانەکانی ماڵی پارێزگاریان پرسیوە:
-ئەڕە ماڵی کاکل بەگ لە کوێیە؟ ئەوانیش یەکەوسەر ئاماژەیان بە لاولاوی هەڵگەڕاوی سەر دارتەلەکەی بەر دەرگایان کردووە و پێیان گوتووە:
-ئەم لاولاوەت بینیوە بەسەر ئەو عەموودەدا ڕەیبوە؟
میوانەکەش سەر بەرز دەکاتەوە و تەماشا دەکا بەڕە! لاولاو بە عەموودەکەوەیە و ئەولای دیار نییە و ڕەیبوە. پێی دەڵێن:
-کاکە گیان، خەت ئەزیەت مەدە و چیتر مەگەڕە، تەنیا ئەو لاولاوە بگرە، لاولاو و لاولاو بڕە، یەکەوسەر دەگەیتە ناو ماڵی کاکل بەگ.
تا میوانەکە لە پاسەوانەکان ئاودیو دەبە، هەر هاواری دەکەنە:
لەبیرت نەچە لاولاو و لاولاو، لاولاو و لاولاو، لاولاو و لا…
-جا گوە بگرە کاکەی فەرهادی.
تە ماڵی پارێزگار پێدەزانیی؟

- بەڵێ.

- زۆڕ باش. کە هاتیە بەردەم مامی پارێزگار، لە یەکێک لە پاسەوانەکان بپرسە مامی کاکل بزگ لە کوێیە، ئەوانیش بەهای ئەو لاولاوە ڕەنگ دەتگێڕنن سەر سەرم!
من وام نەکرد! بڵێن چی؟ دوو سێ مانگ دواتر چوومە سی مەتریی نزیک چایەخانەی بایێز؟ لەسەر جادەکە ڕێزە ماڵێک تا ئەوسەر هەن، هەر لەخۆوە دڵرگایەکم کوتا، ژنەکی پێدەچوو خزمەتکار و ئەوانە بێ! دڵرگای لە کردمەوە، پرسیم: مامی کاکل کامەیە؟ بە ئاماژەی پەنجەی، ماڵەکەی تەنیشت خەی پیشاندام.
تەماشایەکی بەرودڵرگاکەیان و زۆڕیش ئەولاترم کرد، هیچ عەموود و لاولاوی لە نەبوو! پاشتر ئەوبوو چوومە سەر سەری کاکل کونەبای فشەفشکەری بە هاشوهووش! پرسیم:
-ئەڕە کاکە، ئەوە کوا عەمووود؟ کوا لاولاااو؟ بەرسڤی دامەوە:
-بەداخەوە چەند ڕۆژێک لەوبەر، شارەوانی عەمووەکەیان گواستەوە و لاولاوەکەیشمان وشکی کرد!
پێمگوت:
-خوا ڕەحمی ڕاستت بێ نەسیب بکا کاکل گیان، لاولاو و لاولاویش بتگێڕنەتە ئەو ڕەحیە ڕاستە!

لە دڵی خۆمدا گوتم: "واچاکە لە درێی درێزنان نەکەمەوە، چەندی لێبکەمەوە، درێی تر سەر قیت دەکەنەوە! ئەوێیە دڕۆن قەت هەوە مەدە درێزنان بەدرە بخێتەوە، چونکە بە درێیکی دیکە جەوابت دەدەنەوە!"

هاوڕێی خوێنەر:
*ئێستامان کە ئێستایە، ئەگەر شوێنکەوتەی مامی پارێزگار و مامی کاکل کونەباتان بێ سیستمی لەکەیشن بێ بنێرم، بەواتان هەبێ ستان مەتر و لەوانەیە سی کڕۆان زیاتریش لێک دوورن.
*ئەم چیڕۆکەم بەبۆنەی یەکی نیسان نووسی، کە جۆرنی درێزنانە. هیوادارم ئەوێش لاولاو و لاولاو ڕەحمی ڕاست بگرنەبەر.

ستیڤان ســـونای زەمەن.. شەمزینی

دەزانم چۆن ئێستا بێ هاوارەوە ئازیم
رۆژێک بێ بەدەنگی ئەمرم
نامەوێت زاری قەڵەم ببەستم
با زریکەی بگاتە ئەرانس
خوێنی لەشی بگاتێ
بەردەم دەرگای ماڵی یار
تەنیا یەک وشە ئەهەمەوە
بێ سەرەمەرگ:
خەشم ئەوی
دەزانم چۆن ئاوی ژیانم
لە سەرچاوەوە لێ
مەرگێکی تاڵ
لەسەر ڕێی چارەنووسمە
ڕێ لێ لافاوی فرمێسک ناگرم
با جگەلێ ببەستێت بە بەردەم زیەس
با بێ هاژەوە بەلای یاردا تێپەڕێت
تەنیا یەک دڵۆپ دەهەمەوە
بێ سەرەمەرگ:
دڵۆپی دوا دڵۆپ شیعر

گوێ نادەم بەوەی
گروپێک شەمشەکوێرە
نیازی کوشتنی خەریان هەیە
ئاوێ لەو گوڵە گەنمە سووزە نادەمەوە
لە دەمی سن و کوللەی غەمکی ئازەلیدایە
بێ لای تەرمی مەسیحدا تێدەپەڕم
لە خاچی بەهودەیی داینا گرمە خوارێ
ڕەنگە پێتان سەیر بێت ئەوەندە دڵۆقم!
خەم خەر و گوڵە گەنم و مەسیحم
بەسەر تەرمی خەمدا
بێ تەنها شیوەن ئەکەم

تەش بەلامدا تەدەپەیت
وا دەزانی شەخی ئەکەم

بایەقوشی بەزاریی
لەسەر رەحی رەشنایی دەخوێنێ
دەستم لەژێر چەنەم داناوە
تەنها تەماشا دەکەم
پاسەوانانی ئەهریمەن
بە شمشێری رق
جەرگی شەوقی
ئاتەشتگایەکی دەرین هەڵدەدەن
بە بەدەنگی
کتێبی هەڵهاتن ئەخوێنمەوە
راوچییەکان تووڕەکان
نیشانە لە سوسکەی شیعر ئەگرنەوە
دەستم تێی نەچوو
لە دیوانەکدا بینژم
رەنگە پەتان سەیر بێت
هێندە دڵڕەقم!
خەم رەشنایی و شەوقی ئاتەشتگا و
سوسکەی شیعرم
لە کەنارەکدا خەریکم
گۆڕ بە خەم هەڵدەکەنم
تەش بەلامدا تەدەپەیت
وا دەزانی گەمە دەکەم

ئای چەند سەختە ئەم زەمانە
بە دەزینەوەی خەشوێستی
دەبێت سەر بکەیت بە مەزەکاندا
لە مەزەی لەقڵەر
بەردەکی رەقم بینی
لەسەری نوسرابوو
پێکەری خەشوێستی
مەژووەکەی

بە چاخی بەردین ئەگەر ایەو
بیرم کردەو
لە چەرخی بەردینی دەکاندا
پەیکەرێک بە خشۆیستی دابتاشم
رەنگە رەنج بەخەساریش دەربچم
ئای چەند زەحمەتە ئەم زەمانە
بە دەزینەوەی کتێب
دەبێت روو بکەیتە ئەرشیفخانەکان
لە ئەرشیفخانەیەکی بەرلین
کتێبەکم دەزیەو
لەسەری نوسراو بوو
کتێبی خشۆیستی
تەز و خەڵی مژوو
بە رووخساریەو بوو
لە پشتەویدا
دەستکی سەرنجاکش هەبوو:
ئەم کتێبە بە مرۆڤی دەرین نوسراوە
بیرم کردەو
لە چاخی مەرگی کاغەزدا
کتێبێک لەسەر خشۆیستی بنووسم
کە ناوەت دوای ئەو
نامبەن بە شەتخانە؟

ستیڤان شەمزینی

جارانناما.. نەوزاد بەندی

جاران هەمووان موسوڵمان بووین و یەک موفتی هەبوو ، ئەویش حەمام بوو ..
ئێستا هەر گەڕەکێک دوو سێ موفتی تیایە ، کەچی خەڵکەکە بەس لە موسوڵمان ناچن

⋆ ⋆ ⋆

جارانیش
پاتێ دەاوەکەی پێیان ،
میللەت بوو ..
ئێستایش ، هێروەها ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران خەڵک پیاسەی ئەکرد ،
ئێستا سەیارە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران
دەمان هەبوو ،
ئێستا ، دکتێری دێ ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران خەڵک وەک وابوون ،
ئێستا کەس لێ کەس ناچێ ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران ،
هەژار برسی بوو ،
ئێستا دەوڵەمەند ..

⋆ ⋆ ˜⋆
جاران
حوکمەت ، حوکمەت بوو ..
ئێستا (کەم)کەی فڕێ دا ،
بوو بە (حوت)

⋆ ⋆ ⋆

جاران ،
بە خەشیی شیعرم ئەنوسی و
لە داخا ێیشم ئەهەشتەوە ..
ئێستا ، لە داخا شیعر ئەنووسم و

بۆ خۆشیی ڕیش ئەهەمەو ..

★ ★ ★

جاران بەردەم ماڵی دەستەیشتوو ،
مەرکانتیلەک ئاو و
جامێکی فافۆنی لێ دانرابوو ..
نووسرابوو : ڕەحمەت لەوەی ئاو ئەخواتەوە ..
ئێستا ،
وێنەوشەیەکی درع و
کابینەیەک و
چەکدارێکی چاوباشقاڵ ..
پیاوم ئەوە بوترێت بۆ سایدەدا تێپەڕە ..

★ ★ ★

جاران دراوسێکان
قاپێ پێپینۆ و ناوساجییان ئەدا بە یەکتری ..
ئێستا ، پاسوەردی وایفای ..

★ ★ ★

جاران کچ شانەی دار و
کۆڵ دارلاستیکی بە دەستەوە بوو ..
ئێستا یەکێکیان ئایفۆن و
ئەوەی تریشیان ، هەر ئایفۆن ..

★ ★ ★

جاران ، نەخۆشی باوک ڕەژە ڕەیەک ئەیشت ،
ئێستا باوک خواخوایەتی بە سەریا نانێنن ..
جاران ئیلهامی شیعر و شنەی شەماڵ بە دڵیڤەری ، ماڵە و ماڵی
ئەکرد ،
ئێستا پیتزا …

★ ★ ★

جاران ، بە جۆرنا ،
پیاوانی گەڕەک ئەگەڕان ، بە گەردن ئازایی
ئێستا منانەی گەڕەک بە نوقوڵ ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران
نوقوێی ترش و شیرین هەبوو ،
ئێستا هەواڵی تاڵ و تفت ..
تەلەفزیۆنی جاران ،
بە تەمسیل و گۆرانی داواکراو بوو ..
تەلەفزیۆنی ئێستا ،
بە پلەیستەیشن و
هەواڵی موچە و
ڕووداوی هات و چۆ و
سووتانی بازاڕ ..

⋆ ⋆ ⋆

بەژێری جاران ،
یەکپارچە ئەدەب و ڕۆشت بوو ..
هی ئێستا کە دەم لار ئەکاتەوە ،
ئۆفی قەحبەی بەغایە !

⋆ ⋆ ⋆

جاران کچ بە دەم قسەی ئەکرد ،
ئێستا بە لوت ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران باوی کتێب بوو ،
هی زانست و ڕۆشنبیریی ..
ئێستا باوی دەفتەرە ،
هی دۆلار و یۆرۆ ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران لە بەغاوە پوشەخورما ئەهات ،
ئێستا ، موچە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران (خسوسیی) تایبەت بوو بە ئوتومبیل ..

ئەستا زەر شتی خسوسیی پەیا بوون ، وەک
مامەستای خسوسیی ..
پزیشکی خسوسیی ..
فیتەری خسوسیی ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران دەی کوە و کچ ،
تەنها یەک کەسیان تیادا ئەسیر بوو ،
ئەستا دەی کوە ئەدەی مەکتەبی کچانە و
دەی کچیش وەک مەنتیقە سەناعییەکە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران خەڵک چاوەڕی خوەندنەوەی بەیاننامەی یانزەی ئازار بوون ،
ئەستا ، چاوەڕی خوەندنەوەی لیستی موچە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران خەڵکەکە هەر یەکی نیسان درەیان ئەکرد ..
ئەستایش خەڵکەکە هەر یەکی نیسان درە ئەکەن ..
بەڵام حوکمەت ، ساە چوار وەرزە …

⋆ ⋆ ⋆

جاران ماە چەە و هەە بوو ،
دە پەا و پە لە جوانی ..
ئەستا ماە پەە لە کەل و پەل ،
هەموانیش بە پەل و کەل ئەکەوزەنەوە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران شەەە مناە هەبوو ،
ئەستا شەەە حیزب و شەەە کوتلە و شەەە سەرەک ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران سەعات دەی شەو ، خەڵک هەموو خەوتبوون ..
ئەستا سەعات یانزەی شەو ئەەەنە دەرە بە پیاسە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران پارە شتی پە ئەکەرا ،
ئەستا خەڵکی پە ئەکەرە ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران خەڵکی لادە بە نان و کەبابە ئەهاتنە شار ..
ئەستا بە دەنم و تاوەر و خەستەخانەی ئەهلیی ..

⋆ ⋆ ⋆
جاران
هاوڵاتیەتی و خزمایەتیی
جوانکارییان تێدا ئەکرا ..
ئەستا ، لوت ..

⋆ ⋆ ⋆
جاران مناڵ پارەی تەبع ئەکرد
ئەستا ، پەڵە بریمەر ..

⋆ ⋆ ⋆

سەرکحیزبی جاران ،
هەر خەی کوخا ێینگەی ساحە بوو ..
ئەستا خەی و کوەڵکانی و
هەموو ئەوانەی بە زەراب پەی دەگەنەو ..

⋆ ⋆ ⋆

جاران
حاڵەتە هەبوو ،
پەی ئەووترا تەر خواردن ..
سیفەتە هەبوو ،
پەی ئەووترا شەرم ..
ێیزبەندییەک هەبوو ،
پەی ئەووترا گەورە و بچووکیی ..
شتی تریش..

نەوزاد بەندی